پێشمەرگەکان

16/01/2022

بەشێک لە کتێبی مەلا ڕەحمان کاژەیی کە باس لە بێتاوانی براکەی دەکا لە روداوی تێرۆری کاک مەلا حەسەن شێوەسەڵی دا و هەروەها دەڵێ  مەلا حەسەن لە شەهید کردنی عەبدوڵای براشم کە پێشمەرگەی هێزی گیارەنگ بووە دەستی هەبووە.

کاک مەلا حەسەن بە دەنگ وڵامی داوەتەوە کە لەم لینکە دەتوانن گوێی لێ بگرن

https://www.youtube.com/watch?v=HVEH89dSkUk

Pmnews.se

Peshmergekan.com

ڕووداوەکە بەو شێوەیە دەبێ: برایەکی من لەگەڵ ژنبرای خۆی بە مەبەستی سەردانی من، بەرەو کومیتەی شارستانی سەردەشت وەڕێ دەکەون. ئەوە دروست هاوکات دەبێ لەگەڵ ڕووداوی تەقینەوەی بۆمب لە دەستی مەلاحەسەن دا.

ئەو کەسەی بۆمبەکەی هێنابوو، ( کتێبێکی مینڕێژکراو دەبێ ) فەوری دەیگرن و زیندانی دەکەن.

دوای یەک دوو ڕۆژ، لەسەر داوای مەلاحەسەن، ئەو برایەی من و هاوڕێکەی کە هەر لە کومیتەی شارستان چاوەڕێی ئەوە دەبن بەڕێیان بکەن بۆ لای من، لەجیاتی بەڕێکردنیان، دەستبەسەر و زیندانی دەکرێن. ئەو کەسەی بۆمبەکەی هێنابوو، دوای ماوەیەکی کورت ئیعدام دەکرێ (وەک باسمکرد کتێبێکی بۆمبڕێژکراو بوو و بۆ ماموستا عەبدولا حەسەنزادە هاتبوو، بەلام ماموستا شانس یاوەری دەبێ و مەلا حەسەن کتێبەکە دەکاتەوە و تووشی ئەو نەهامەتییە دێ ).

دوای چەند مانگێک، هاوڕێی برایەکەی من ئازاد دەکەن و برایەکەشم لە زیندان دەهێلنەوە. بە قەولی ڕووحی شاد کاک سەید سەلامی عەزیزی: پەروەندەیەکی ساختە وپاختەی بۆ وەسەرێک دەنێن و پاشان لەسەر داوا و پێداگری مەلاحەسەن، کە دوایە ئاماژەی پێدەکەم، دەیکووژن !!

ئەو ڕووداوە بۆ من و بنەماڵەکەشمان کە بەگشتی و بێ جیاوازی و هەرکەسە بە جۆر و شێوازێک، لە خزمەت ئامانج و بەرژەوەندییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بووین، ڕووداوێکی تاڵ و دڵپڕۆکێن

بوو. چاوەڕوانکراو نەبوو و کەسیشمان هۆکارەکەمان نەدەزانی تاکو هێندە لەمێژ نەبوو برایەکی پێشمەرگە، قارەمانترین پێشمەرگەکەمان لە دەستدا بوو، ئەویش بە چی ؟ دەرکەوتووە، هەر بەفێت و پیلانی مەلا حەسەن و بە شێوەیەکی گوماناوی سەری تێدا چووە و چووەتە ڕیزی کاروانی شەهیدان.

ئەوەی ڕەنگە بۆ زۆر کەس و لایەن، بەتایبەت بۆ ئەوانەی لە نزیکەوە بنەماڵەی ئێمە دەناسن، جێگای پرسیار بێ، بۆچی و لە پێناو چیدا ئەو هەموو تاوانە ؟

نامەوێ لێرەدا و لە هەلومەرجی ئێستادا، وەلامی ئەو پرسیارە بدەمەوە. نامەوێ ئەو داستانە قێزەونە بێتە نێو دەفتەری بیرەوەرییەکانمەوە. ئەو جۆرە سیناریۆ و شوێنەونکە بۆ خۆدەربازکردن لە دەیان تاوانی بە دزی و ئاشکرا، ڕەنگە باشتر بێ بخرێنە زبلدانی مێژووەوە.

دوای ئەو ڕووداوە، دڵشکاو و تاساو ڕووم کردە ماڵە خەزوورم لە بەغدا. پێش ڕۆیشتنم، دوکتورقاسملوو نامەیەکی کورتی سەرەخۆشی بۆ ناردم. لەو نامەیەدا داواشی کردبوو بچم بۆ لای، بەلام لەبەر ئەوەی خەریکی وەڕێکەوتن بووم، نەچووم و سەفەرەکەم تێک نەدا.

ڕۆژێک پێش نامەکەی کاک دوکتور، کاک مستەفاهیجری کە بەرپرسی کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامی بوو، بەدوایدا ناردم کە:

" بۆ کارێکی پێویست، دەمەوێ بێی بۆ لام".

لەڕاستیدا بەگشتی پیلانوابوو دەڕۆم بۆ لای ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر.

کاک مستەفا دوای دڵدانەوەیەکی زۆر گوتی:

66970&attachment_id=4727807644037758&message_id

بەداخەوە بەو وەزعە ناتوانم هیچ هەنگاوێک بنێم، دەنا بە شەرەف لە زیندانا دەمرزانند.

منیش سپاسم کرد و دڵنیام کرد کە حیزبەکەم زۆر لەوە خۆشتر دەوێ کە بتوانم هەنگاوێک لێی دوور بکەومەوە و ڕووداوی لەوەش تاڵتر کاردانەوەی نەرێنی لەسەر من نابێ. بەڵام بۆ ماوەیەک دەمەوێ بچمە ماڵە خەزوورم.

وەک باسم کرد، سەفەرەکەی بەغدام تێکتەدا. وابزانم حەوتوویەک بەبوو لە بەغدا بووم، ئێوارەیەک حەسەنپوور پەدابوو و دوای نەختێ چاک و چۆنی، گوتی:

- کاک دوکتور لێرەیە، دەیەوێ بتبینێ، هەستە خۆت وەپێچە با بڕۆین!

گوتم باشە تۆ بڕۆ و منیش دوای ماوەیەکی کورت دێم بۆلاتان.

وەختێک گەیشتمە ئەوێ ئێوارەیەکی درەنگ بوو، بەڵام نانی ئێوارەیان نەخواردبوو. دوکتور گوتی:

- دەمەوێ هێندێ شت هەیە بە یەکەوە باسی بکەین. لێرە نابێ و دەبێ هەر دووبەدوو بین، پێشنیارم ئەوەیە بچینە ڕێستورانەکەی "هیشۆ".

هیشۆ پیاوێکی ئەرمەنی و خەڵکی لای زاخۆبوو، تا بڵێی پیاوێکی باش و لەبەردڵان بوو. لەگەڵ دوکتور یەکتریان زۆر خۆشدەویست. دوکتوریش دایکی ئەرمەنی بوو و وەک خاڵ و خوارزا چاویان لەیەکتر دەکرد.

کاتی خۆی لە حەفتاکاندا، ئەوکاتەی ڕێبەرایەتی حیزب لە بەغدا بوو، هیشۆ زۆرجار سەردانی دەکردین. لە ڕێستورانەکەی سەر و پێی زۆر بەتامی هەبوو و هێندێ جار بە سەروپێوە وەژوور دەکەوت.

ناوبراو یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ حیزب، زمانی عەرەبی و ئینگلیزی زۆر باش دەزانی و زۆرجار وەک وەرگێر یارمەتی دەداین، بەتایبەت لە بەیاننامە ڕەسمییەکاندا.

ڕێستورانەکەی شوێنێکی خۆش و بەلاوە بوو. زۆرجار لەگەل دوکتور دەچووین، بەلام ب ۆجارێکیش واهەلنەدەکەت، هیشۆ بێ ئارەقە دەربازی بێ و دوکتور کارێکی پێ نەسپاردبێ.

منیش گوتم زۆر باشە دەچینە ئەوێ. دوکتور بە حەسەنپووری گوت: ڕەنگە ئێمە درەنگ بگەڕێینەوە، پێشمەرگەش لەگەل خۆمان نابەین، هەر دووبەدوو دەڕۆین و ئێوە نانی خۆتان بخۆن.

کاتێک سواری ماشێن بووین، دوای ئەختێ ڕۆیشتن و هێشتا لە مالەکە زۆر دوور نەکەوتبووینەوە، هەستم بە مەترسی کرد و فکرم هالۆز بوو. پێم خۆش نەبوو بچینە ڕێستورانەکەی هیشۆ. لەوە دەترسام شتێ ڕوویدا.

گوتم کاک دوکتور! ئەگەر لەگەلم هاوڕابن، با نەچینە لای هیشۆ. لەبەر ئەوەی زۆر لەمێژە نەچوومەتە ئەو ڕێستورانە، دەزانم هەر لە جێی خۆیەتی، بەلام لەوە دلنیانیم کە هیشۆ لەوێیە یان‌نا. پێم باشترە بچینە مالە خەزوورم. لە بارێ ئەمنیەتییەوە زۆر باشترە. ڕەنگە خواردنی باشتریشمان دەستکەوێ و حەسەنپووریش ئاگادار دەکەمەوە کە لە کوێین. ئەمرتان لەسەر چییە ؟

- من میوانی تۆم، کوێت پێباشە دەچینە ئەوێ.

خەزورم تا حەدی پەرستن دوکتوری خۆشدەویست و ڕێزێکی زۆری لێدەگرت، بەلام بەو ڕووداوە ئەوەندە دلگران بوو، وەختێک ئێمە دەبینێتەوەچی، بە گریانەوە پێشوازی لێکردین. زۆریش لەمێژ نەبوو کە عەبدوڵای برام شەهید ببوو و ئەو ڕووداوەشی پێوە زیاد ببوو. ئەوەندەی دیکەش دلگران و بەپەرۆش بوو بۆمن.

دوکتور هەوڵی دا بە دڵدانەوەی خەزورم نەختێ کەشوهەواکە بگۆڕی و لەو بارەوە باسی هێندێ لەو ڕووداوە ناخۆش و دلتەزێنانەی کرد کە هەمیشە لە کاتی شەڕەکاندا دێنە پێش و بەداخەوە کەمیش نین.

زۆری نەخایاند گوتیان: نان ئامادەیە و فەرموون !

دوای نان خواردن، دوکتور بە خەزوورمی گوت:

- ئێمە بۆ ماوەیەک بەجێتان دێلین.

مالی خەزوورم خانوویەکی زۆر گەورە بوو. خێزانم شوێنێکی نەختێ بەلاوەی بۆ جێبەجێ کردین و پێشمگوت:

- لەگەل کاک دوکتور کۆبوونەوەمان هەیە. تا تەواو دەبین کەس نەیەتە ژوورەوە.

دیارە چەند جارێک بە بیانووی چایهێنان، لە دەرکەی دا و هاتە ژوورەوە و لە چوونە دەرەوەش زۆر پەلەی نەبوو.

وەختێک دووبەدوو لەگەل کاک دوکتور دانیشتین، گوتی:

- پێم خۆشە لەسەر ئەو ڕووداوە قسە بکەی. دەخوازم نەزەری تۆ بزانم. هیوادارم شتەکە بە دلێکی فراوان و حیزبیانە وەربگری کە ڕەنگە لە حالی حازردا بۆ تۆ نەختێ سەخت و

ناخۆش بێ. داوات لێدەکەم وەک ڕابردوو لە کار و خەباتی خۆت بەردەوام بی و هەروەها پێشم خۆشە بزانم بەرنامەی چیە و دەتەوێ چی بکەی؟

- بەڕێز ! ئەگەر کاتم پێبدەن، دەمەوێ پێش هەموو شتێک بەوردی ئاماژە بە هێندێ خاڵ بکەم کە بە ڕوونی بێتاوانی ئەو برایەی من لەپێوەندی لەگەڵ ڕووداوی مەلاحەسەن دەسەلمێنن. شتەکە ڕوون و ئاشکرا بوو. دەمەوێ دوایە وڵامم بدەنەوە و بزانم بەڕێزتان لەسەر کام مەبنا و بەپێی کام بەڵگ و زانیارییەک ئەو بڕیارەتان دا ؟ ئایا ئەوە گەورەترین زوڵم و ناهەقی نەبوو دەرهەق بە بنەماڵەی ئێمە و لەژێر پێنانی مافی کەسێکی بێتاوان ؟ چونکە، ١- ئەو برایەی من کتێبەکەی بۆ مەلاحەسەن نەهێنابوو و هیچ ئاگاشی لەو مەسەلەیە نەبووە. هەموو ئەو کەسانەی کە لە کۆمیتەی شارستانی سەردەشت و هێزی گیارەنگن، شاهیدی ئەوەن. ٢- لەگەڵ ئەو کەسەی کە کتێبەکەی هێنابوو، نە خەڵکی گوندێکن و نە یەکتریشیان ناسیوە. بەڕێکەوت و بە دوو ڕێگای لێک جیاوازیشدا گەیشتوونەتە کۆمیتەی شارستانی سەردەشت. ٣- ئەو برایەی من تەنیا نەبووە، ژن براکەی خۆی لەگەڵ بووە و هاتبوون بۆ سەردانی من. لە کۆمیتەی شارستانی سەردەشت را، پەیامیان بە بێسیم بۆ من ناردبوو و لەو بارەوە دوکتور سەعید کە سەرپەرستی پێوەندییە بێسیمییەکان دەکا لە سکرتاریا ئاگادارە و وڵامی منیش بە پەیامەکە هەر لە ڕێگای ئەوانەوە بووە.

٤- کاتێک لە کۆمیتەی شارستانی سەردەشت لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ ئەو کەسە کردووە کە کتێبەکەی هێناوە و زۆریش لەسەر ئەو کارە ئەشکنجە کرابوو بۆ ئەوەی تەنیا ئەوەندە بڵێ، ئەو برایەی من ئاگاداری ئەو مەسەلەیەیە، بەڵام حاشای کردووە و گوتوویەتی: "لێرە نەبێ لە ژیانمدا ئەو کورەم نەدیتووە". لەسەر ئەوە و بۆ ئەوەی ناچاری بکەن و بە زۆر قسەی پێبکەن، دووجار بردوویانە کە ئیعدامی بکەن، بەڵام گوتوویەتی: "دەتوانن بمکوژن، بەڵام من ناتوانم کەسێک کە هیچ پێوەندی بەو مەسەلەیەوە نییە، خەتاباری بکەم".

٥- ئەوەشتان لەبیرە کە بۆ یەکەمجار منتان نارد لە زیندان سەردانی براکەم بکەم و داوای لێبکەم هەر زانیارییەکی هەیەتی لەو پێوەندییەدا لەگەڵ منی باس‌بکا و منیش لەسەر داوای بەڕێزتان وتوویژێکی دوور و درێژم لەگەڵ ئەنجامدا و لەسەر پێشنیاری ئێوەش ڕاپۆرتی ئەو دیدارە و ئاکامی لێکۆڵینەوەکەمدا بە دەفتەری سیاسی کە لەوێدا زۆر شتم ڕوونکردبۆوە و ڕەنگە پێویست نەکا لێرە دووپاتی بکەمەوە. هیوادارم ناوەرۆکی ڕاپۆرتەکەتان لەبیر مابێ.

لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژەم بە چەند خاڵێکی گرینگ کردبوو کە نیشاندەری ئەوە بوون و دەیانسەلماند ئەو برایەی من لەو مەسەلەیەدا بێتاوانە و تەنیا خەتای ئەوە بووە، لەو باندەدا بووە کە مەلاحەسەن بۆ ئامانجێکی تایبەتی خۆی لە کۆمەڵە "خەڵکێک پێکی هێنابوو و کاری پێدەکردن.

نزیک بە دوو ساڵ پێش ئەو ڕووداوە، عەبدوڵای برام کە لە مێژ ساڵ
گیارەنگ پێشمەرگە بوو، لە نامەیەکدا ئاگاداری کردمەوە کە کارێک
بکەم "ئەو برایەی من هاوکاری مەلاحەسەن نەکا. لەوەی ئەوان
دەیکەن، زۆر بەزیانی حیزب تەواو دەبێ."
منیش ئاگادارم کردەوە کە سەردانم بکا. ئەو کات لە گەورەدێ بووین
ئەوە بوو لەگەڵ مامم هاتن بۆ سەردانم . من ماڵەکەم لە کانی مێو بوو
ئەو ڕۆژەی کە ئەوان هاتن، بۆ نانی ئێوارە کاک حەسەنی شەرەفیم
بانگهێشت کردبوو. لەگەڵ کاک حەسەن لە دەبیرخانە پێکەوە کارمان
دەکرد. دوای نان خواردن پێش ئەوەی کاک حەسەن بگەڕێتەوە
دەبیرخانە، شکایەتی عەبدوڵای برام لەگەڵ ئەو برایەم هێناگۆڕێ. دوای
قسەو باسێکی زۆر، کە هێندێ هاڵوزیشی لێکەوتەوە، گوتی: "من تەنیا
بە قازانجی حیزب هاوکاری مەلاحەسەنم کردووە وردەیکەم."
منیش لە وڵامدا پێمگوت: ئەگەر ڕاستدەکەی و بە قازانجی حیزب
کاردەکەی، ئەوە کاک فەتاحی عەبدوولی بۆتە بەرپرسی کومیتەی
شارستانی سەردەشت و ئێستا هەر لێرەیە و نەڕۆیشتووە، بەیانی زوو
کارێک دەکەم چاوت پێی بکەوێ و من مەمنوونت دەبم کە هاوکاری
حیزب بکەی. هەڵبەت لەبەر ئەوەی من هێندێ زیدەڕۆییم کرد لە
قسەکردندا، هەستا چووە ماڵە ڕەسووی مامەڕەشی کە ئەویش هەر لە
کانی مێو دەژیا و بەیانیی ڕۆژی دواتر ڕۆیشتبوو و تا کاتی زیندان
چاوم پێی نەکەوتەوە.
لە درێژەی قسەکانمدا هەروەها گوتم:

٦- کاک سەید سەلامی عەزیزیتان لە بەغدارا هێنایەوە بۆ ئەوەی چاو لە پەروەندە هەڵبەستراو و بێ بنەماکە لێبکا. ئایا بەڕێزتان سرنج و تێبینییەکانی ناوبراوتان بەهێند وەرگرت ؟

دوای سەیرکردنی " پەروەندەکە " و کۆبوونەوەی لەگەل دەفتەری سیاسی، من و کاک قادر نەبیزادە لەبەر دەرکی خەدەمات ڕاوەستابووین. کاک سەلام لە سکرتاریا هاتەخوار و منیش چوومە پێشی و لێم پرسی: هەرچۆنی بێ ئەو کابرایە برای منە، ئایا هیچ تاوانێکی هەیە؟ لە وڵامدا ئەوە قسەی بەڕێزیان بوو: "پەروەندەیەکی سەرتاپا ساختە و پاختە و هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە. من ناتوانم لەسەر ئەو پەروەندەیە کاتژمێرێکیش تەوقیفی بکەم!

٧- ئەدی نەزەری ماموستا گوران کە چەندین ساڵە قازی حیزبە، بۆچی گوێتان پێنەدا ؟

٨- لە هەمووی ئەوانەش گرینگتر و بەهێزترین بەڵگەی بێتاوانی ئەو برایەی من ئەوەیە کە دوکتور سەعید دووجار داوای لە من کردووە بچم بۆ لای مەلاحەسەن و ڕازی بکەم کە " دەست هەلگری لەو مەزلووم نوومابیە. ئێمە قسەیەکمان نییە و ئازادی دەکەین." لەسەر داوای ناوبراو کە جێگری بەڕێزتانە و دەتوانی پرسیاری لێبکەی، هەرچەند زۆریشم پێناخۆشبوو، بەلام لەسەر داوای کاک سەعید، لەتیف نەقشبەندیم ڕاسپارد کە مەلاحەسەن کاتێکم بۆ دیاری بکا، دەچم بۆلای لە هەولێر. وڵامەکەی مەلاحەسەن ئەوە بوو کە نایەوی من ببینێ. نامەکەی لەتیفم لایە. باشە بەڕێزم ئەگەر

ئەوبرایەی من تاوان و مەحکومیەتیکی لەسەر ساغ ببوو، چۆن جیگری سکرتیر ئەو داوایە لە من دەکا کە بەم مەلاحەسەن ڕازی بکەم ؟

جێی ئاماژەیە، دوکتور قاسملوو لەدەرەوەی ولات بوو، نەیدەویست بە فەرمانی ئەو و واژۆی ئەو قەتڵەکە ئەنجام بدرێ. بۆیە لە ڕێگای پەیامەکانی فشارێکی زۆری بۆ دوکتور سەعید وەک جێگری سکرتێر هێنابوو کە "کۆتایی بەو مەسەلەیە بێنە". بەلام دوکتور سەعید نەچو ژێر فشار و گوتبووی: "ئەوە کارێکە کە هەر خۆی دەبێ ئەنجامی بدا". هەر لە دوای ئەو پەیامانەشدا بوو کە دوکتور سەعید داوای لە من دەکرد کە لەگەل مەلاحەسەن ڕێکبکەوم.

٩- باشە کەسێک تاوانێکی قەزایی لەسەر ساغ بێتەوە، پێویستی بەوە هەیە خەلکانێک دەرکا و دەرک بکەن بۆ ئیمزا کۆکردنەوە، بە مەبەستی فشارهێنان، کە بەداخەوە جێ‌پەنجەی مندالانیش بە تۆمارە دوور و درێژەکەوە دیار بوو و دلنیام دەشزانی کێ ئەو کارە ناڕەوایەی ئەنجامداوە !

بە سەدان ئیمزا و پەنجەمۆریان لە کۆمیتەی شارستانی سەردەشت، هێزی گیارەنگ و دەور و بەری کۆ کردبۆوە کە دەبێ ئەو کابرایە بکووژرێ !!

١٠- کێشەکە لەوەدا بوو کە بەداخەوە بەڕێزتان باوەڕتان بە "پەروەندەیەکی ساختە و پاختە" بە قەولی کاک سەلامی عەزیزی کرد کە لەلایەن کەسێکی کۆنەکار و ئازموودە لەبواری ساختەکاریدا دروست کرابوو، کە تەمەنێکی دوور و

درێژ لە خزمەت ڕێژیمی شادا هەزار و یەک پەروەندەسازی و گێچەڵی بە خەڵکی هەژار و ڕەش و ڕووت و ژێردەستە کردووە، بەڵام باوەڕتان بە کەسانێکی حقوقی و شارەزا وەک کاک سەلام و ماموستا گۆران نەکرد !

دوای ئەوەی من ئەو چەند خاڵەم باس کردن، لە وڵامدا دوکتور ئاوای دەست بە وڵامدانەوە کرد:

- من نازانم ئەو برایەی تۆ خەتای هەبوو لەو مەسەلەیەدا یان نا، دەزانم زۆر نارەحەتی و دیارە بۆ هەمووومان ڕووداوێکی ناخۆش‌بوو. لەعنەت لە شەڕ، بێجگە لە ناخۆشی و ڕووداوی دڵتەزێن و ماڵوێرانی ئاکامێکی دیکەی نییە. ئێمە شەڕمان هەڵنەبژاردووە. شتی وا ڕوودەدەن، پیاو دەبێ خۆڕاگربێ. وەک ئاگادار بووی فشارێکی زۆرمان لەسەربوو، دەبوو بەشێوەیەک ئەومەسەلەیە چارەسەربکرێ. ئەو بڕیارەی ئێمە ڕەنگە چارەسەرێکی گونجاو نەبووبێ، بەڵام لە دوو ڕێگا دەبوو یەکێکیان هەڵبژێرین. یا دەبوو بەوە ڕازی بین خەڵکێکی زۆر حیزب بەجێبهێڵن، یا دەبوو ئەو برایەی تۆ بکەینە قوربانی. من لەو حیزبەدا بەرپرسیاریەتیم هەیە، دەبوو بڕیاربدەم. بە هەرچی باوەڕت هەیە ئەگەر دوکتور عەلی براشم بایە، هەر ئەو کارەم دەکرد و ئەو بڕیارەم دەدا. مەلاحەسەن کەسێکی ناردبوو بۆ لای جەلیل گادانی و داوای کردبوو ئەگەر ڕێگای پێبدەن لەگەڵ خەڵکێکی زۆر دەچێتە ئەوێ، مەلا عەبدوڵاشی لەگەڵ دەچوو. وڵامی جەلیل گادانی

ئەوە بووە : " لەسەر چاوی دادەنێین " کارەکە بۆ هەمووەمان ناخۆشبوو. چاک یا خراپ تازە ڕوویداوە. تۆ هاوڕێیەکی باوەڕپێکراوی. چەندین ساڵە بە یەکەوە کاردەکەین و زۆر باشیش کارت کردووە، زەحمەتت کێشاوە، ئێستاش چاوەڕوانیمان لە تۆ هەر ئەوەیە و درێژە بە کارەکانی خۆت بدەی. برایەکی قارەمانت شەهید بوو، ئەو ڕووداوەشی بەدوادا هات، هەمووومان ئەوە دەزانین و... .

- بەڕێز ! ئەگەر ڕێگام پێبدەن، لەسەر لێدوانەکانی ئێوە چەند تێبینیم هەیە کە بە کورتی عەرزتان دەکەم: یەکەم، لەگەڵ ئەوەی گلەیم لە ماموستا زۆرە و چاوەڕوان بووم کارێک بکا و پێش بەو بڕیارە بگرێ و ڕێگە نەدا برینەکان لەوە زیاتر قوڵتر ببنەوە ، کە بێشک دەیتوانی و لەدەستی دەهات ئەو کارە بکا. بەڵام ماموستا ئەو حیزبە بە هی خۆی دەزانی، کە ئێستا کاری تێدا دەکا: دڵنیات دەکەم، ئەگەر ئێوەش بەجێی بێڵن، ماموستا حیزبی خۆی بەجێ ناهێڵێ. دووهەم، مەلاحەسەن ئەگەر لەوەش خراپتری بەسەر بێ، حیزب بەجێ ناهێڵێ، نەک لەبەر بیر و باوەڕ. ئەو قازانج و بەرژەوەندی لە کوێ بێ، لەوێیە. دوای کۆنگرەی چوار و دابڕانی بەشێک لەئەندامانی بەڕێوەبەری حیزب، ( گروهی حەوت کەسی ) بەنیازبوو ڕەگەڵ ئەوان بکەوێ. پێوەندی نزیکی بە ڕەحمان کەریمی‌یەوە هەبوو.

من لەوە ئاگادارم، بەلام کاتێک دیتی ئەوان لەو ڕێگایەی
گرتوویانەتە پێش تێیدا سەرناکەون، پاشەکشەی کرد.
لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر ئێوەش نەزانن چی لەگەل خەلکی
ناوچەکە، ئەندامانی حیزب و کادر و پێشمەرگەکان کردووە،
ئەو خۆی باشدەزانێ.. لێرەدا نامەوێ بچمە نێو ئەو باسەوە ،
هەر ئەوەندەت عەرزدەکەم، کە هیچ کاتێک مەلاحەسەن ناوێرێ
حیزبی دیموکرات بەجێ بێلێ و بچێتە ناو حیزبێکی دیکە.
کونگرەی حەوتت لەبیرە ، بۆ نەهات بەشداربێ ! لەبەر چی
بوو ؟ بۆ منت بە زۆر نارد کە کۆبوونەوە لەگەل نوێنەرانی
کومیتەی شارستانی سەردەشت و هێزی گیارەنگ بکەم، بۆ
ئەوەی لە کونگرەدا قسە لەسەر مەلاحەسەن نەکەن ؟
پێت وابوو ئەگەر ناوبراو فەرماندە هێزی گیارەنگ نەبێ،
تەواوی هێزەکە بلاوەی لێدەکا ؟!
لەسەر داوای کاک دوکتور چووم بۆ لای هاورێیانی کومیتە شارستانی
سەردەشت کە لە نەخۆشخانەی کانیمێو بوون. داوام لێکردن کە
مەسەلەی مەلاحەسەن لە کونگرەدا مەهاروورژێنن ! زۆر بەدرێژی
قسەمانکرد. پێم گوتن: ئەوە داوای کاک دوکتورە، هەولبدەن ئەگەر
پرسیارێکیش لەو پێوەندییەدا هاتە گۆڕێ، زۆر تەشەنە نەکا. تومارێکی
دوور و درێژیان ئامادە کرد بوو. کاک حاجی حوسێن حەداد قەرار
بوو بە نوێنەرایەتی هەموویان گیروگرفتەکان باسبکا و لە کونگرەدا
چارەسەرێکی گونجاویان بۆ بدوزنەوە . هێندێ بە ناپەدلی رازیمکردن
کە قسەی لەسەر نەکەن ئەگەر لەو بارەوە لە کونگرەدا پرسیارنەکرێ.

خۆزگە ڕازی نەدەبوون و ئەو تۆمارە دوور و درێژەی ئامادەیانکردبوو، لە کۆنگرەدا یەکلایی کرابایەوە، لانیکەم مەلاحەسەنیان لەوێ لادەبرد و ناوبراو تووشی ئەو بڕیارە ڕەشە نەدەهات و خەڵکانێکیش سەریان تێدا نەدەچوو و هیچ شتێکیش نەدەقەوما.

باشە کاتێک بەڕێزتان دەزانن ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی نایەوێ بێتە کۆنگرە، و هەرجارەش بە بیانوویەک لە هیچ کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندیشدا بەشداری ناکا، دڵنیام هۆیەکەی دەزانن. هەروەها وەختێک لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونێک لەگۆڕێدا نەبێ، دەبێ چاوەڕوانی ئەو جۆرە ڕووداو پێشهاتانەش بکەین.

دوای ئەوەی من ئەو شتانەم باسکردن، دوکتور بێ ئەوەی بچێتە نێو وردەکاری وڵامی پرسیار و تێبینییەکانی من، بەو شێوەیە وڵامی دامەوە :

- تۆ هیچ حیزبێک نابینی گیروگرفتی نێوخۆیی نەبێ. هەوڵدان بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانیش ناکرێ بە دڵی هەموان بێ. بەرژەوەندی حیزب لەسەرووی هەموو شتێکە. ئەندامانی حیزبیش دەبێ لەوە تێبگەن و تۆش یەکێک لە ئەندامە کۆنەکانی حیزبی. دەمەوێ بەردەوام بی لە خەباتی خۆت. هەموومان لە پێناو خزمەت بە حیزبەکەمان، زۆر شتمان لەدەست داوە. من نامەوێ هیچ ئەندامێکی حیزب، حیزبەکەی خۆی بەجێبهێڵێ، بەڵام ئەگەر پێتوایە کەوتوویە بوحرانێکی ڕووحی و دەروونی،

دەتوانی بچیە دەرەوەی وڵات، لە هەموو شوێنەکان تەشکیلاتی حیزبمان هەیە و دەتوانی دەوری خۆت ببینی و ئەوەندەی بشکری من یارمەتیت دەدەم».

منیش لە وڵامدا گوتم:

- زۆر سپاس، یارمەتی کەسم ناوێ. ئەگەر خراپتریشم بەسەر بێ، وڵاتی خۆم بەجێ ناهێ‌م، ڕەنگە چەند ڕۆژێکی دیکە لێرە وەمێنم و دوایە لەگەڵ حەسەنپوور دەگەڕێمەوە و درێژە بە کارەکانی خۆم دەدەم. دڵنیاش بە حیزبەکەی خۆم بەجێ ناهێڵم

و هەر ئەوەشم بەکاک مستەفا هیجری گوتووە.

کۆبوونەوەیەکی دوور و درێژ بوو. تەنیا بەشێکی وتووێژەکە لێرەدا نووسراوەتەوە. هەرچەند من وەک کەسێکی دڵشکاو و زوڵم لێکراو، وەک کەسێک کە هیچ گرینگییەک بە ڕابردوو، خەبات و ماندووبوونی خۆی و بنەماڵەکەی نادرێ، بە دڵگەرمییەوە دەدوام، بەڵام بەڕێزیان تەواو بە پێچەوانەوە هەوڵی‌دەدا کە ئەو ڕووداوە کاردانەوەی زۆر نەرێنی لەسەر من دانەنێ و بە جۆرێک لە جۆرەکان لەبیری بکەم.

کاسێتی تۆمارکراوی ئەو وتووێژە، تا ئێستاش لای من پارێزراوە. هەرچەند بەڕێزیان، پێی خۆش نەبوو ئەو کۆبوونەوەیە تۆماربکرێ، بەڵام نەیویست بیدڵێم بکاو وەزعی منی لەبەرچاوگرت.

بۆ دواجار، ئەو کاتەی کە دوکتور خۆی ئامادەکردبوو بۆ سەفەری دەرەوەی وڵات و زۆر بەداخەوە دوادیداریش بوو، کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ئەنجام دام. دوای هێندێ ئەحواڵپرسی:

- نازانم ئاگاداری یان‌نا، بەیانی سەفەری دەرەوە دەکەم، ڕەنگە چەند مانگێکم پێبچێ. یەک داوام هەیە ئەویش ئاشتبوونەوەی نێوانی تۆ و مەلاحەسەنە. پێشتریش بەیەکەوە باسمان‌کردووە. ناوبراو هیچ خەتایەکی لە مەسەلەی ئەو برایەی تۆدا نییە. ئەو ناتوانێ بڕیارێکی وابدا، چاک یا خراپ ئێمە لێی بەرپرسین. پێم خۆشە بزانم ئەو داوایەی من قبول دەکەی یان‌نا؟
- بەڕێز ! من هیچ شتێکم لەگەڵ ناوبراو نییە. هیوادارم بە سلامەتی بگەڕێنەوە ناومان.

یەکەم جار بوو دوکتور بەو شێوەیە ببینم. زۆر غەمبار دەهاتە بەرچاو. وەک ئەوە دەچوو، هەواڵێکی زۆر ناخۆشی بیستبێ. دوای یەکدوو خولەک پرسیم :

- بەڕێز ! شتێک ڕووی داوە ؟
- نا هەرنەختێ ماندووم و کۆبوونەوەشمان هەیە.

جێی ئاماژەیە کە لە کۆنگرەی دەدا، لەسەر داوای سەرجەم بەشدارانی کۆنگرە، داوام لێکرا کە لەگەڵ مەلاحەسەن ئاشت بینەوە و کارێک بکرێ کە ئەو ڕووداوە لەبیر بکرێ و بە مێژوو بسپێردرێ.

من و مەلا حەسەنیان بانگهێشتی سەر سینەکە کرد و لەگەڵ ماموستا عەبدوڵا، سێ بە سێ باوەشمان بە یەکداکرد و بە چەپڵەڕێزانی بەشدارانی کۆنگرەش ئەو مەسەلەیە کۆتایی پێهات.

لەو کاتەوە و تا ئێستا کە بیرەوەرییەکانم دەنووسمەوە، بە بڕیار و داوای کۆنگرەی دەهەمی حیزب پابەند بووم و هیچ وشەیەکیشم لەسەر

مەلاحەسەن و ئەو ڕووداوە تاڵە نەنووسیوە و لە هیچ کۆبوونەوەیەکی
جیرابینیشدا لەو بارەوە قسەم نەکردووە ، بەڵام بە پێچەوانەوە ، ناوبراو
لەو ماوەیەدا لەجیاتی داوای لێبووردن لە بنەماڵەی ئێمە، کە بۆ خۆی
دەزانی لەبەر چی، چەندین جار لێدوانی سەیر و سەمەرە و بێ بنەما
و دوور لە ڕاستی بڵاو کردۆتەوە کە کاسێتی دەنگی گشت لێدوانەکانیم
هەیە جێگای داخە !

وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، کۆچکردنم بۆ دەرەوەی وڵات لەسەر
ویست و ئارەزوی خۆم نەبوو. لە ڕاستیدا هیچ کاتێک و لە ناخۆشترین
ڕۆژانی ژیانیشمدا بیرم لەوە نەکردبۆوە و بە خەیاڵیشمدا نەهاتبوو
ڕۆژێک لە ڕۆژان چارەنووسم بەو ڕۆژە بکا کە نیشتمانی خۆم بەجێ
بهێڵم و ڕوو لە هەندەران بکەم. دیارە هێندێ جار بڕیاردان دەکەوێتە
دەرەوەی بازنەی دەسەڵات و ناچاری بە پێچەوانەی ویست و ئارەزوی
خۆت هەنگاو بنێی.

ڕۆژێک دوای ئەوەی نوێنەرانی یونێن هاتبوون بۆ ماڵی ئێمە و بە
خێزانمیان گوتبوو کە حەوتووی داهاتوو دەبێ لە دەفتەری نوێنەرایەتی
یونێن لە هەولێر ئامادەبن بۆسەفەرەکەتان، چووم بۆ خزمەت
سکرتێری حیزب مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە، بۆوەی لەو ڕووداوە
ئاگاداری بکەمەوە و نەزەر و بیروڕای بەڕێزیان بزانم.
مامۆستا پێی‌وابوو کە ناکرێ ئەو خێزانە بێ سەرپەرست و ئاشارەزا
سەفەر بکا بۆ وڵاتێک، کە هەموو شتێک بۆ ئەوان نامۆیە. بۆیە تۆش
دەتوانی لەگەڵیان بڕۆی بۆ ماوەی شەش مانگ و پاشان بگەڕێیەوە.

منیش بەڵێنم بە مامۆستا دا کە لە کاتی دیاریکراودا دەگەڕێمەوە بۆ سەر کاری خۆم. لە ڕاستیشدا، لە قوڵایی دڵمەوە ئەو بەڵێنەم دا و نیازیشم هەر ئەوە بوو. دڵنیاش نەبووم کە دەتوانم لەگەڵ منداڵەکان بڕۆم، چونکە من ئیقامەی وڵاتی سوێدیم نەبوو. هەر لە سەرەتاوە خێزانم لە بەغدا ئەو مەسەلەیەی لەگەڵ یوئێن باسکردبوو و گوتبووی ڕەنگە مێردەکەم ڕازی نەبێ کارەکەی جێبهێڵێ؛ بۆیە کاتێک چووینە یوئێنی هەولێر و چاوم بە ئەحمەد عارف کەوت کە لەوێ کاری دەکرد و پێشتر لە پێوەندی لەگەڵ کاری حیزب یەکترمان دەناسی، زۆری پێ سەیربوو و پرسی:

- تۆ سەرپەرستی ئەوخێزانەی ؟
- بەڵێ ئەگەر هیچ کێشەیەک ڕوو نەدا !

ئێستاش لەوە تێنەگەیشتم، چۆن لە ماوەی کەمتر لە کاتژمێرێک ئەو مەسەلەیەی چارەسەرکرد و لیسەپاسەی منیشی ئامادەکرد ؟

دوای سێ مانگ مانەوەم لە سوێد، نامەیەکیان بۆناردم: "ئەگەر دەتهەوێ، دەتوانی داوای ئیقامە بکەی !"

ڕۆژی ١٩٩٥/٩/١، ماڵاواییم لە هاوڕێیان کرد لە شاری کۆیە و بە هاوکاری یوئێن بەرەو وڵاتی سوێد وەڕێکەوتین و ڕۆژی ١٩٩٥/٩/٥ بارگە و بنەمان کە بریتی بوو لە دوو ساک بۆ لیباسی چوار نەفەر لەگەڵ کتێبەکانم لەدوو کارتۆندا لە سوێد بەعەرزی دادا.

ئێمە لە فڕۆکەخانەی شاری ویستڕۆس دابەزین. لە فڕۆکەخانە کەسێک وەک نوێنەری کۆمۆنی سالا کە کوردێکی خەڵکی مەهاباد بوو بە ناوی